www.kurdistannet.org
13-12-2007 1:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەرنامەی ڕێگا ی زاگرۆس تیڤی و گەورەیی و مەزنی شێخەکانی هیران!! ... زاگرۆس

لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا بەرنامەی ڕێگا لە کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس سەردانی ناحیەیی هیرانی لە دۆڵی خۆشناوەتی کرد، کە دەکەوێتە نزیك شارۆچکەی شەقڵاوە کە سەر بە پارێزگای هەولێرە، لەو سەردانە مەیدانیەدا بەرنامەکە تیشکی خستە سەر مێژوو و باس و ووردەکاری و ڕابردووی شێخە مەزنەکانی هیران و مەسەلەی تەریقەت و بوونی هەزاران دەرویشی ئەم شێخانەی کرد، لەو سەردانەی بەرنامەی ڕێگادا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ پیاوێکی ئایینی بەڕێز و ناسراوی خۆشناوەتی و شارەزاو نزیك لە تەکی و خانەقا و مێژووی شێخەکانی هیران کرد، بەناوی بەڕێز مەلا خالید، کە زۆر بەجوانی و بە زمانێکی کوردانەی پاراو، باسی شێخەکانی هیرانی کرد و باسی لە تەکی و وەرگرتنی تەریقەت لەسەر دەستی ئەو شێخە مەزنانە و کوردپەروەرانە کرد، کە ئەم بنەماڵەیەی شێخانی هیران، لە دۆڵی خۆشناوەتی تایبەت مەندی و ڕۆڵی مەزنی ئاینی و کوردانەیان هەبووە چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوودا، ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا هەڵکەندنی گۆڕەکانی ئەم شێخە مەزنانەی هیران و کورد و خۆشناوەتیە، دەیگوت ئەم زاتانە خۆیان قەبر بۆ خۆیان هەڵدەکەنن.

بەڕاستی من مێژووی ئەم بنەماڵەیەم نەدەزانی ئاوا بەوردی، بەڵام ئەم بەرنامەیەی زاگرۆس تیڤی زۆر لایەنی شاراوەی ئەم بنەماڵەیە و ئەم تەریقەتەی نیشاندا لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و سەردانیان بۆ مەزار و مەرقەدە پیرۆزەکانیان لە ناحیەیی هیرانی خۆشناوەتی، من تەنها ناوی یەك دوانیان نەبێت ئەوانی ترو مێژووکەیانم ئاوا بەم شێوەیە نە دەزانی، لە کۆنەکاندا من تەنها ناوی شاعیری مەزنی گەورەی کورد (شێخ سافی هیران) یم بیستبوو، لەوانەی ئێستاشیاندا لە نەوەی ئەم بنەماڵە کورد پەروەردا، ناو و ناوبانگی جەنابی کاك شێخ مەزهەر هیرانیم بیستبوو، کە ئەویش یەکێکە لە پیاوە هەڵکەوتوو و ناسراوەکانی ئەم بنەماڵەیە، کە ڕۆڵێکی دیاروبەرچاوی هەبووە لە ناوچەی خۆشناوەتی و بگرە سەرجەم کوردستانیش بەتایبەتیش لە گەیاندنی دەنگی خەڵك بە دەسەڵات و بە حکومەت، کە لەو مەیدانەدا و بەتایبەتیش لە خزمەت کردن و پاداشت و داوای خەڵکی لادێکانی خۆشناوەتی و کوردستان بۆجی بەجی کردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری و دامەزراندن ی خەڵکی ماندووی ئەولادێیانە هەیبوە، جەنابی کاك شێخ مەزهەر کاکی هیرانی جی پەنجەی مەزن و دیاری هەبووە وەك وەفایەك و گەیاندنی دەنگیان بە حکومەت، کە ئەو لادێیانە بە شۆرشەکانی کوردەوە ماندووبوون، کە وەك لە خەڵکی هیران و دۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی بیستوومە دەڵێن جەنابیان ئەوەندەی خزمەت کردوین، بەمەرجع و گەورەی خۆشناوانی دەزانین، هەر لەو بەرنامەیەیی زاگرۆس تیڤیدا (بەرنامەی ڕێگا)، ڕیش سپی و حاجیێکی بەتەمەنی دانیشتووی ناحیەیی هیران، ووتی ئێمە دیوەخان و ماڵ و گەورەمان لە هیران، جەنابی کاك شێخ مەلا سانیە، کە ئەمڕۆ بە کاکی هیرانی ناسراوە لامان، کە زۆر باس و ستایشی ڕۆڵی جوامێرانەی ئەو زاتە مەزنەشی کرد. ووتی بەردەوام هاوکاری خەڵکی فەقیرو لە خەمی چارەسەرکردنی کێشەی خەڵك دایە، ووتی مەزنی ئەو زاتانە لەوەدایە، خۆیان لی نەگۆڕاوە و نەبوون فەرمان ڕەوا بەسەر خەڵکەوە، بە پێچەوانەوە، بەو هەموو تەمەن و گەورەیەیی خۆیانەوە ئامادەیان تیایە، خزمەتی هەموو خەڵکێك بکەن بی جیاوازی.

لە کۆتایدا ئەڵێم، تەمەن درێژی بۆ جەنابی شێخ مەلا سانی و براکانی، دەست خۆشی بۆ کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس تیڤی و ستافی بەرنامەی ڕێگا و سوپاسی تایبەتیش بۆ کوردستان نێتی ئازیز.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.